# (نەدەست، نە لێو، تەنیا چاوەکانت!)



پەپوولەی خەونەکانم لە چاوانێک دەگەڕێن
کە لە رکەعەتێکی داگیرساودان هەتا!..
نازانم بەڵام من چاوەکانتم دیت!

تۆ لە نیوەشەوێکدا رۆیشتی
دەستخەتی ئەو پەنجەرانە فێربی
کە دڵیان بۆ هەتاو لێدەدا
من دەستەکانتم دیت!

تۆ بۆنت بە لێوی وشەیەکی سادەوە کرد و
کازیوەی کۆڵانی سەرووت
کردە ناونیشان
هەتا نیگەرانی دەنگی دوو توێی رێگا نەبم،
من لێوەکانتم دیت!

-لێرەوە لە دەستەکانتم پرسی
نامەیەکی سەرئاواڵای پڕ لە پەنجەرەی پێبوو!

-لێوەکانتم بە بێگوناهترین پیت تەڕکرد
شتێکم بیست کە کوتبویان و دەیڵێنەوە:
سروودەکانی نێو کۆڵان تاوانبارن!
مانگ تاوانبارە بە پێلاوی تێکتەپیوەوە هەنگاو دەنێ!

بەڵام هەرچی دەکەم خەونەکانم خۆ لە نوێژی ناتەواوی چاوەکانت گێل دەکەن!
بەو نیشانەی:
بۆنی لاوکی باران و
نووسینەوەی نۆتی شکاوی یەکێک لەم هەزاران ساڵە چاوەڕوانە
دواتەعبیری سەر پێڵووی ناچارم بڵێم..
خاتوونی بەفرە.....

ئیسماعیل ئیسماعیل زادە
31.03.2012
ئۆسلۆ